عومەر گوڕپی:وەزارەتی دارایی هەرێم تا ئێستا هیچ یەکێك لە دوو بڕگەکەی دادگای فیدراڵی لەبارەی مووچەو جەبەجێ نەکردوە

عومەر گوڕپی ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، نێچونی حکومەتی هەرێم بەدەم تەوتین و ڕادەست نەکردنی داهاتی ناوخۆ بە بەغدا، تەنها یەك ئامانج و یەك دەرئەنجامی هەیە، ئەویش "دواخستن و لەمپەر دروستکردن لەبەردەم ناردنی موچەی خەڵکی کوردستاندا".

عومەر گوڕپی لە هەژماری تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك نوسیویەتی، "کاتی دابەشکردنی موچەی مانگی (ئایار/5)ە، هەشتا بەغدا موچەی مانگی (نیسان/4)ی هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی نەناردوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی دەسەڵات ناچن بەدەم جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ تەوتینی موچە".
ئاماژەی بەوەشکردوە، "ماوەی زیاتر لە 90 ڕۆژە، بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ تەوتینی موچەی موچەخۆران دەرچوە، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوەك بەو دەم پەسەکەوە نەچوە، بەڵکو ناو بەناو بەو زمانی کوردی بە خەڵکی کوردستان دەڵێت، هەژماری من تەوتینە".
عومەر گوڕپی دەشڵێت، "زۆر بە ڕونی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی ئەمەیە، یەکەم تەوتینی

موچەی موچەخۆران لە بانکی حکومی واتە جێگیرکردنی موچەی موچەخۆران و بە بانکیکردنی لە بانکێکی حکومی ئیتیحادی، دوەمیش وەزارەتی دارایی هەرێم داهاتەکانی ناوخۆ ڕادەستی ئەو ئەژمارە بکات کە وەزارەتی دارایی حکومەتی بەغدا دەستنیشانیکردوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "وەزارەتی دارایی تا ئێستا هیچ یەکێك لەم دو بڕگەیەی جێبەجێ نەکردوە، لە بری ناردنی زانیاریی ملیۆنێك و 200 هەزار موچەخۆر بە بانکە حکومییەکانی بەغدا بە دەستپێکردنی پرۆسەی تەوتین و بە بانکیکردنی موچە، تەنها نزیکەی 800 ناوی ناردوە بە بانکی بازرگانی عێراقی(TBI) هەروەها یەك دیناریشی لە داهاتی ناوخۆ ڕادەست نەکردوە".

ئەوەشی ئاشکراکردوە، "ئەگەر حکومەتی هەرێم و لایەنەکانی پێکهێنەری حکومەت و لایەنەکانی دەسەڵات دەیانەوێت موچە دوانەکەوێت و کێشەی بە دروست نەبێت، پێویستە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی جێبەجێبکەن، ئەگەر ڕێگەیەکی تریشیان هەیە با بە خەڵکی کوردستانی بڵێن".